# پۆلیڤیا لە شکستی جیڤاراوە بۆ سەرکەوتنی مۆرالیس

عەلی مەحمود محەمەد

کورتەیەکی مێژویی لەسەر پۆلیڤییا

پۆلیڤییا بەناوی سیمۆن بۆلیڤوار (1738-1830) ەوە ناو نراوە , کە زۆر لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی ڕزگار کرد لە داگیرکاری (کۆلۆمبیا, فەنزویلا, پیرۆ, پۆلیڤیا), پۆلیڤار ئەو ناوەیە بێ سڵەمینەوە چەپەکانی فەنزویلا ناویان هەڵگرتووە و شانازی پێوە دەکەن, خەونەکانی سیمۆن بۆلیڤوار لە دادپەروەری و ڕزگاری و یەکخستنی ئەمەریکای لاتین تا ئەمڕۆ بە زیندوویی ماوەتەوە.

ئەم وڵاتە پۆلیڤیا چۆن بە وڵاتی ڕاونانی سەرۆك بەناوبانگبوو, هاوکات لە ڕابردووشدا وڵاتی کودەتا سەربازییەکانیش بووە, لە ماوەی 162 ساڵدا 1189 کودەتای سەربازی بەخۆوە بینیوە, وێڕای دوایینەکەی بە سیناریۆو ئارایشێکی نوێ بەڕێوە چوو, بۆیە بەردەوام لە ناجێگیری سیاسیدا بووە, تا مۆرالیس هات ماوەی حوکمڕانییەکەی زۆرترین ماوەو ئاسایشترین کاتەکانی حوکمڕانی بوو لە مێژووی وڵاتدا, هۆکاری هەموو ئەوانەش ئەو هەژاری و پاوانکردنی دەسەڵاتە بوو لە لایەن کەمایەتیەکی سپی پێستەوە.

ئەم وڵاتە تژییە لە چیرۆکی کوشت بڕو جیاکاری بە ئەندازەی ئاپارتایدەکەی باشووری ئەفریقا, نموونەیەك بچوك لە کاتێك کرێکارانی قەسدیر مانیان گرتبوو بۆ زیادکردنی کرێکانیان, خاوەند کورهکان سوپایان بانگ کرد بۆ لێدانیان, لە ئاکامدا کرێکارانی کانەکان لە کۆمەڵکوژی کاتافا لە 21-12-1942 دا , 19 کرێکار کۆمەڵکوژ کران و 49ش بریندار کران, لە ساڵی 1943 ەوە ئەو یاداوەرییە کراوەتە ڕۆژی کرێکارانی کانەکانی پۆلیڤیا.

بزووتنەوەی نەتەوەیی شۆڕشگێڕ کە لایەنگری لە کرێکاران و هندییەکان دەکرد ساڵی 1951 گەیشتە دەسەڵات کودەتایان کرد بەسەریدا, کە لە بەرنامەیاندا بوو ژیانی کرێکاران باش بکەن.

پۆلیڤیا پێشەنگی شەپۆڵە شۆڕشگێڕییەکان بوو لە ئەمەریکای لاتیین, لە ساڵی 1952 کورەکانی بەرهەم هێنانی قەسدیر خۆماڵی کرا, لە سەرەتای ئەبریلی 1952 شۆڕشی کرێکاری لە پۆلیڤیا هەڵگیرسا, یەکێتی کرێکاران چەند مانگ دەسەڵاتداربوون , دوایی ئەو جارەش خەڵتانی خوێنکرا,خەباتی سانديکایی و خەباتی هندیەکان (سی ئۆ بی) , 5 ساڵی خایاند تا بە تەواوی سەرکوتکراو کودەتای سەربازی بەسەردا کرا.

پۆلیڤیا لە ڕێکەوتی 10-10-1982 لە دیکتاتۆریەت ڕزگاری بوو, پاش 11 ساڵ دەسەڵاتی سەربازی لە وڵات.

سندوقی دراوی جیهانی دیارییەکانی بۆ پۆلیڤیا

لە نێوان ساڵەکانی 1925-1929دا, وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵانە 200 ملیۆن دۆلاری وەبەرهێنان کردووە لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین , لە بەرامبەردا ساڵانە300 ملیۆن دۆلار قازانجیان دەسکەوت بووە , قازانجەکان 150% ی سەرمایەگوزاریەکە بووە , نەوتی فەنزویلا و کانەکانی پۆلیڤیا و شیلی و سامانی کوبا ئامانجی چاوچنۆکی ئەمەریکا بوو لە مێژوودا.

لەو ساوە خەڵکی ئەم وڵاتە هەستیان بەوە نەکردووە لەو دیو سنورەکانەوە بە تایبەت لە لایەن ولاتە ئیمپریالیەکانەوە خێرو بەرەکەتیان بۆ بێت, بەڵکە گومانیان لە دەسکە گوڵە دیارییەکانیشیان هەبووە , ساڵی 1985 سەرۆك ڤیکتۆر باز ئستنسورو لە بزووتنەوەی نیشتمانی شۆڕشگێر بڕیاری ژمارە 21060ی دەرکرد , بەو بەیانە دەرگای وڵاتی خستە سەر پشت بۆ ئابووری بازاڕ , ئەمەش زەنگی پیادەکردنی نەخشە نیو لیبراڵیەکان بوو لە بواری ئابوریدا, یەکەم دیاری ئەو بڕیارە بۆ خەڵکی پۆلیڤیا دەرکردن و بێکارکردنی 25000 کرێکاری کانەکانی قەسدیر بوو .

یەکێك لە سەرکەوتنەکانی بانکی جیهانی و سندوقی دراوی جیهانی کە بە شانازیەوە تا ئێستا باسی لێوە دەکەن و بە سەرکەوتنی دەزانن بۆ دەزگاکەیان, ڕزگارکردنی پۆلیڤیا بوو لە قەیرانی ئابووری ساڵی 1985, لە ڕێگەی کەمکردنەوەی کاربردی کۆمەڵ ئەمەش وەك نموونەیەك سەرکەوتوو بە ولاتانی خۆرهەلاتی ئاوروپا ناسێنرا, تا ئەزموونی لیَ وەربگرن و کاری لەسەر بکەن, لەو چاکسازیەدا کۆمپانیای کانەکان فرۆشران, بێکاری زیادیکرد, هەقدەستی کرێکاران دابەزی, ئابووری پوکایەوە, جیاوازی چینایەتی چووە سەر, نرخی ئاو بەرز بوەوە, خزمەتگوزاری کەمکرایەوە, پشتگیری لە پێداویستییە زەرورییەکان ژیان نەما , بە کردار هەمووان ئەمانە کران, هەرچەندە سەردانی بانکی دراوی جیهانی بکەیت لەسەر دەرگای چونە ژورەوە نووسراوە" خەومنان جیهانێکی بێ هەژارییە" وەلێ رێك پێچەوانەکەی دەکەن وەك ئەوەی لە پۆلیڤیا باسمان کرد .

لەگەڵ زۆربوونی دوکانی ئارایشت وئۆتۆمۆبێلی مۆدێل باڵا لە شەقامەکاندا, سواڵکەرەکانی سەر شەقامەکانیش زیادیان کرد, داهاتی تاك دابەزی بۆ سێ یەکی ساڵی 1980, ئەو هەژارییە بوو ئێستاش کە باسی ئەو دەزگا نێو دەوڵەتیانە دەکرێت هەژارانی پۆلیڤیا هێڵنجیان پێی دێتەوە لە تاوا دەڕشێنەوە, بۆیە نیولیبراڵیەت لای ئەوان بۆنی لە کەلاك ناخۆشترە, هەر دەرەکەوێت بە چاو ورگیان نا, بەڵکە بە لوتیان لەو دیو سنورەکانەوە هەستی پێدەکەن.

لە نەوەدەکان بە تایبەتیکردن کەرتەکانی نەوت و گازیشی گرتەوە, بەمەش دەرگا بۆ دزینی ئەم دوو کەرتە گرنگەی ئابووریش خرایە سەر پشت, تایبەتیکرن هەر بە نەوت و گازەوە نەوەستا بگرە ئاوی خواردنەوەشی گرتەوە, لە سەرەتای نەوەتەکان سندوقی دراوی جیهانی بە تایبەتیکردنی کەرتی تایبەتی سەپاند بەسەر دەسەلاتدارانیدا, لە ئەنجامدا سەدان خۆپیشاندان سازکرا, پاش ئەوەی هەژاران خواردنەوەی ئاویشیان لێ گرانکرا و نەیانتوانی کرێی ئاو بدەن, بەهۆی زیادکردنی نرخی بۆ 20دۆلار , کە پێنج یەکی داهاتی تاك بوو, بەمەش جگە لە برسێتی, ئابووری لیبراڵی تێنویەتیشی بۆ هەژارانی پۆلیڤیا بەدیاری هێنا, بە وتەی وەزیری ئەشغالی ئەوکاتی پۆلیڤی 40000 خێزان لە لاباز ناتوانن کەڵك لە ئاو وەرگرن بەهۆی هەژارییەوە, ئەمە وتەی شایەدحاڵەکانی تێنوییەتی نییە, بەڵکە قسەی کەسێکە لە زوەکەوە لەبەر

خواردنەوەی خواردنەوە کهولییەکان بەکارهێنانی ئاوی واز لێهێناوەو پۆلیسی  بە وەفای بەردەرگای سندوقی دراوی جیهانییە.

لە راپرسیەکدا کە لە  مانگی یۆلی  ساڵی 2004 دا ئەنجامدرا , رێژەی 84,64% ی خەڵك لەگەڵ چاکسازی یاسای سوتەمەنی بوون , 92,2% لەگەڵ خۆماڵی کردنی سوتەمەنی بوون , واتە دژ بەو بریارانەی 39 ساڵ پێشتر بریاری لەسەر درا, لە ئەمەریکای لاتین بە شێوەی گشتی ئاراستەی جەماوەر دژ بە ئابووری بازاری ئازاد و هەنگاوە لیبرالّیەکانە لە بواری  ئابووری.

لە بەرواری 11-1-2005 کۆمپانییای سویالونیزی ئاو بەهۆی نارەزایەتی جەماوەری تینوەوە  لە وڵات دەرکرا, کە لە بەرواری 1997 ەوە لە پۆلیڤیا کاریان دەکرد لە شاری لاباز, کە نرخی بەشداریکردنی ئاوی لە هەندێك ناوچە 600% بەرز کردبوەوە.

لە ئەبریلی  2004دا, لە کوشابامیا لە ئەنجامی ئەو نارەزایەتیانەی بزووتنەوەی بەرهەم هێنەرانی کۆکا ئەنجامیان دا,کۆمپانیای بتشلی ئەمەریکی دەرکرا, لەو کاتەدا سەرۆکی لیژنەی ئاو ئۆسکار ئۆلیفەرا وتی: بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە هەژارترین وڵاتدا سەرکەوتنێکی مەزنی بەسەر سستەمی جیهانگیریدا داسەپاند, ئەمە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ خەباتی جەماوەری لە ئاستی جیهانیدا, ئاخر چۆن دژی نەوەستنەوە چاکسازییە ئابووریەکان جگە لە برسێتی و هەژاری هیچی بە دیاری نەهێناوە بۆیان, داهاتی تاك لە 25 ساڵی  پێش ئەو چاکسازییە لە 940 دۆلارەوە گەیشتۆتە 960 دۆلار, کەچی هەڵئاوسان بەردەوام لە بەرز بونەوەدابوو لەو ماوەیە, خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە نەماند بوو, 58,6%ی خەڵك بە پێی  INF لە ژێر هێڵی هەژارییەوە بوون , بە تایبەت لادێنشینەکان نزیك بە تەواویان لەژێر هەژاریەوە دەژیان, بە بەهێزترین مایکرۆسکۆبیش بگەرایتایە دەرچویەکی زانکۆت تیایاندا نابینییەوە.

بۆچی  هەڵبژاردنی پۆلیڤیا لە لایەن جیڤاراوە؟

بەرێکەوت بوو جیڤارا پۆلیڤیای  بۆ قوناغی دووەمی شۆرشکردن لە ئەمەریکای لاتین هەڵبژارد یان دوربینی و پلانێکی ورد بوو؟, زۆرێك دوای مەرگی جیڤارا هەڵبژاردنی پۆلیڤایان لە لایەن ئەوەوە بۆ شۆرشکردن  بە هەڵە زانی, ئاخر ئەوانە یان شارەزای مێژوو نەبوون, یان خوێندنەوەی وردو  قولیان نەبوو بۆ ئاستی ئامادەیی هەژارانی پۆلیڤیا بۆ رزگار بوون لە چەوساندنەوە, لە کاتێکدا لەو سەرو بەندە زۆرینەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین بزاڤی چەکداری چەپگەرایانەی لێبوو, نزیك 25 بزووتنەوەی چەکداری لە کاردا بوون, ئەو هات ژمارەیەکی نوێی بۆیان زیادکرد, راستە جیڤارا خەباتە چەکدارییەکەی بە هاوکاری سیای ئەمەریکی لە ماوەیەکی کورتدا لە لایەن راستگەرا ئۆلیگارشییە پۆلیڤیەکانەوە سەرکونکراو تێکشکا, بە مەرگی خۆی کۆتایی هات, ئەو خەونەی بە کرێکارانی کانەکانی قەسدیر و هندییە سورەکانەوە بەستبویەوە لەو کاتەدا هیچی لێ شین نەبوو, لەگەڵ مەرگی ئەودا شۆرشی چەکداریش هەرەسی هێنا, هەرچەندە ئەمساڵ  حکومەتی کودەتاچی رەگەزپەرستی پۆلیڤی یەکەم وڵات بوو لە جیهان ئاهەنگی یادی مەرگی جیڤارایان گێرا, بە پێچەوانەی هەموو جیهانەوە, بەڵام بینیمان  دوای 53ساڵ لە مەرگی جیڤارا, لە هەموو کوچەو کۆڵانێکی لابازدا لە پێشەوەی جەماوەرەوە  ئامادەی راپەرینەکانە,

لەسەری هەموو شەقامێکدا لەناو باریکاردەکانە, لە ژوری سەری هەموو ماڵە بێ سفرەکانەوە وێنەکەی هەڵواسراوە, لە ژێر سەرینی هەموو دڵدارەکان دەست لە ملیان خەوتووە , بە سەرسنگی هەموو کچانەوەیە, لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا فێنکیە بۆ ئەو جەهەنەمەی سەرمایەداری لەو کیشوەرە سازی کردووە بۆ هەژاران , ئەمجارەیان جیڤارا بە سەرکەوتنەوە گەڕاوەتەوە بۆ پۆلیڤیا, نە سیای ئەمەریکی و نە دەسەڵاتدارانی کرێگرتە ناتوانن پێشی پێ بگرن, جیڤارا ئەمجارە پارتیزان نییە, کرێکاری کانەکانی قەسدیر ونەوت وگازو کێڵگە پان و بەرینەکانی لیسیۆمە, هیندیی و ژنانی هەژارە, پێغەمبەری ڕزگارییە بۆ گەلی ئەمەریکا لەو برسێتی و نەهامەتیەی کۆلۆمبس بە دیاری بۆیانی هێنا, جیڤارا ڕێك ئەنتی کۆلۆمبسە.

لە شەستەکان بەربڵاوترین وشە لە ئەمەریکای لاتین بڵاو ببوەوە وشەی شۆرش بوو, جیڤارا قارەمانی پیادەکردنی ئەو وشەیە بوو, شۆرش سێ گۆشەی ڕادیکاڵیەت لە ناوچەکە (ئیکوادۆر- فەنزویلا-کۆلۆمبیا)ی تێپەڕاند ,هەموو ئەمەریکای لاتینی گرتەوە, ئەمڕۆ جیڤارا ئەو ناوەیە هەموو ئەمەریکای لاتین کردووە بە سێ گۆشەی شۆڕش , ئەمجارە لە ڕێگەی فیشەکەوە نا, بەڵکە بە دەنگەکانی هەڵبژاردن ئاڵای سەرکەوتن لە وڵات بە دوای وڵاتدا لە کۆشکی کۆماریەکان دەچەقێنن, ئەمە گوڵ و لێرە سەمای بۆ بکەن .

جیڤارا هەرچەندە لە بزووتنەوەکەی تێك شکا, بەڵام کاریگەری لە جوتیارانی ناوچەی هەڵسوڕانی کرد, ئەمڕۆ وەك مەسیحێك لەو هەرێمانە سەیر دەکرێت خەباتی چەکداری تێدا ئەنجام دا.

لەیاداشتەکانی پۆلیڤیا کە لە نێوان 7-11-1966 بۆ 7-10-1967 نووسیویەتی, تیایدا نیگەرانی خۆی بەرامبەر کرێکارەکانی قەسدیر دەربڕیوە , کە بە ئەنجامدانی شۆرش هەڵنەستاون , هەرچەندە ئەوکات لە ڕیزەکانیان پارتی کۆمۆنیستی پۆلیڤیا زۆر چالاك بوو, ڕاپەڕینی ئەوان لەو سەروبەندەدا کاری لەسەر ورەی گەریلاکان دەکرد, ئەگەری گۆڕینی پارسەنگی هێزەکان لە ئارادا هەبوو بە قازانجی گەریلاکان, جیڤارا بەشێك لە خەونەکانی لەسەر بنیات نابوو.

لە بەرواری 8-10-1967 زیاتر لە 1500 چەکداری ڕژێم بە هاوکاری دەزگای سیخوڕی سیای ئەمەریکی هێرشیان کردە سەر جیڤاراو هاوڕێکانی, کە ژمارەیان تەنها 16 گەریلا بوو, پاش 6 سەعات شەڕ ی قورس جیڤارا بە برینداری بە دیل گیرا و پاشان شەهیدیان کرد, بەڵام بەرگە خوێنینیەکەی لەبەر دانەکەندو بەردەوام بوو لە شۆڕش, بەو بەرگە دڵی جیهانی داگیرکرد, ئێستا وا دەبینیین بە سەرکەوتوویی گەڕاوەتەوە شەقامەکانی لاباز, شەو ڕۆژ لە هەموو شەقامێکدا ئامادەیە گورانی ڕاپەڕین بۆ هەژرانی پۆلیڤیا و هەموو ئەمەریکای لاتین دەچڕێ.

پۆلیڤیاو گۆڕانکارییەکان

دوای 481 ساڵ لەدەسەڵاتدارێتی سپی پێستەکان بەدوای گەشتە وێشومەکەی کۆلۆمبس و داگیر کردنی پۆلیڤیا لە لایەن ئیسپانیاوە لە ساڵی 1525دا, وە 183 ساڵ لە سەربەخۆیی وڵات, بۆ یەکەمجار پۆلیڤییە ڕەسەنەکان کە 68%ی دانیشتوانی وڵات پێك دەهێنن, نزیك 20%یش دو ڕەگی ئەورووپی- هیندییە سورەکانن و تەنها 5%یان ئەوروپین, کەسێکیان بوو بە سەرۆك لە وڵاتی کودەتا سەربازییەکان, کە جاری

وا هەبوو تەمەنی کودەتاکان لەم وڵاتە تەنها یەك ڕۆژ بووە, توانی زۆرترین ماوە 14 ساڵ لەناو 183 ساڵەکەی سەربەخۆیی لەسەر تەختی دەسەڵاتداریتی بمێنێتەوە, ئەویش ئیڤۆ مۆرالیس بوو, ئەو بە کرێکاری بیناسازی و دەستفرۆشی تا کرێکاری کشتوکاڵی دەستی پێکرد, بوو بە یەکەم سەرۆکی هاووڵاتیانی ڕەسەنی ئەمەریکا لە جیهاندا, وازی لە بەشێکی زۆری موچەکەی و کۆشکی کۆماری هێنا, بۆینباخی ببڕای ببڕای لە مل نەکرد, سادەو ساکار ژیا, خیانەتی لە وانەکانی جیڤارای مامۆستای نەکرد.

هەموو هێزەکانی دژ, لە ئەمەریکای باوەڕ بە تێزەکانی مۆنرۆوە" کە ئەمەریکای لاتین بە باخچەی پشتەوەی باڵەخانەکەیان دەزانن", تا ئۆلیگارشیەکان و سپی پێستە دەسەڵاتدارەکانی رابردوو لە شارە دەوڵەمەند نشینەکەی سانتاکروزەوە, ڕاستیستەکان بۆ کەنیسەی کاسۆلیك و ئینجیلیەکان و دژ بەرانی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و ژیاندنەوەی کلتورو داب و نەرێتی هاوڵاتییە ڕەسەنەکان, تا دەگاتە ئیلان ماسك خاوەندی کۆمپانیای تێسلا, هەموو ئەوانەی بە هەنگاوە چاکسازیەکانی مۆرالیس و بە گرتنە دەستی دەسەڵات زیانیان کردبوو,یان لە زیان دەترسان, لە 20ی ئۆکتۆبەرەوە کەوتنە هەوڵی کودەتا کردن, لە سەرەتادا بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان و گەڕان بە دوای عەدالەتی هەڵبژاردنەوە, سوتاندنی ناوەندی هەڵبژاردن لە سانتا کروز, تا هەڵگرتنی قەناس و کوشتنی لایەنگرانی مۆرالیس و پەلاماردانی ماڵ و منداڵیان, لە کۆتادا هەڵگەڕانەوەی پۆلیس و کودەتای سەربازی, ئەوجا لە قۆناغی ئازادیخوازییەوە بۆ کوشت بڕی بێ پەردەو دژایەتی ڕۆژنامەنووسان و قەدەغەکردنی کەناڵەکانیان و ڕاگەیاندنی حوکمی سەربازی, ژمارەی کوژراوەکانی سەردەمی کودەتا 11 جاری سەردەمی مۆرالیسی دەسەڵاتدارە لە ماوەی 14 ساڵ دەسەڵاتدارێتیدا, تەنها لە ماوەی 9 ڕۆژی یەکەمی گەیشتنیان بە دەسەڵات , کە بەشێکیش لەو قوربانیانەی سەردەمی مۆرالیس هەر قەناسە بەدەستەکان ئۆپۆزسیۆنی ڕاستگەرای فاشیست کوشتیانیان, دوای کودەتاکە هەموو نەفەسێکی دیموکراسی قەدەغە کرا, وەك بەرەکانی شەڕ کۆپتەرە سەربازییەکان بە ئاسمانەوە بوون, گولە ڕاستیەکان دڵەکانی سارد دەکردەوە, زیندانیەکان پڕ کران لە نەیاران, ترەمپ ڕایگەیاند گۆڕانکارییەکان هەنگاوێکی گرنگە بۆ دیموکراتیەت, بێشك لای ترەمپ دیموکراتیەتی سپی پێستی سەرمایەداری و سەفقاتی لیسیۆمی دواتر سەرکەوتن و گرنگە.

کودەتاکەی پۆلیڤیا بۆ کرا؟

لە 231 ساڵی رابردوودا لە هەڵبژاردنی جۆرج واشنتۆنەوە لە ساڵی 1789, ئەمەریکا تەنها 16 ساڵ لە مێژووی خۆیدا بە ئاشتی تێی پەڕاندووە, وڵاتێکە لەگەڵ ئاشتی هەڵناکات, ولیام بلۆم فەرمانبەری پێشوو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێت: لە ساڵی 1945 ەوە ئەمەریکا 50 حکومەتی ڕوخاندووە, ئەمەی پۆلیڤیاش بەشێکە لە هەمان سیناریۆ, ئەمەریکا کودەتاکەی بە شۆڕشی دیموکراتی دایە قەڵەم و وای وێنا کرد کە خەریکە نیوەی ڕۆژئاوای جیهان بە تەواوی دیموکراسی بێت, پاش ئەوەی لە زۆرێك وڵاتانی ئەمەریکای لاتین حیزبە ڕاستڕەوەکان گەڕانەوە دەسەڵات بە هەڵبژاردن یاخود کودەتا وەك بەرازیل و ئیکوادۆر و پاراگوای و هندۆراس, وەك ئەوەی کودەتا سەربازییەکان رابردوو کە زۆرینەیان کۆمەڵکوژیان تێدا ئەنجامدرا ئەو ئەنجامی نەدا بێت.

هەردوو بیریاری گەورەی جیهانی چومسکی و فیجای براشاد لە وتارێکی هاوبەشیاندا سەبارت بە کودەتاکەی پۆلیڤیا نووسیان ئۆلیگارشی پۆلیڤی بە هاوکاری ئەمەریکا کودەتایان کرد.

بەڵام ئیلان ماسك خاوەندی کۆمپانیای تێسلا وتبووی کودەتای پۆلیڤیا پەیوەندی بە دیموکراسی و شتی واوە نییە, هێزی کۆمپانیاکانە کە لە گەڵ حکومەتی ئەمەریکا دژ بە حکومەتی پۆلیڤیا کە ئامادە نەبووە سامانی وڵات بە مەزادی ئاشکرا بفرۆشیت.

وتەکانی ماسك ئەو راستییەی سەلماندەوە کە ئەوەی کرا لە پۆلیڤیا کودەتای لیسیۆم بوو, وەك ناونرابوو.

دوای کودەتاکە وەزیری وزەی نوێی پۆلیڤیا نامەی نارد بۆ ماسك تیایدا نووسیبووی: پێشوازی هەر کۆمپانیایەك دەکەین تۆ بینێریت, هاوکات دوای کودەتاکە پشکی کۆمپانیای تێسلا بۆ بەرهەم هێنانی ئۆتۆمۆبیلی کارەبایی سەرکەوت, چونکە لیسیۆمەکەی پۆلیڤیا حەیاتییە لەبەر هەم هێنانی پاتری ئۆتۆمۆیلی کارەبایی, بۆیە دۆرانی کودەتاچییەکان بە توندی لە 18ی ئۆکتۆبەری 2020دا دۆڕانی ئیلان ماسك و کۆمپانیای تێسلاش بوو, سۆسیالستەکان کە سەرکەوتن کۆمپانیای تیسلا 2,05%ی نرخی پشکەکەی دابەزی.

پۆلیڤیا 50 بۆ 80%ی یەدەکی لیسیۆمی جیهانی هەیە, لە باشوری رۆژئاوای پۆلیڤیا بە پانتایی 10582 کیلۆمەتر دووجار لە بەرزایی 3663 مەتر, بیابانێکی سپی پان و بەرینی لیسیۆمی لێیە, 15 ملیۆن تەنی دڵنیای یەدەکی لیسیۆمئ لە جیهانا هەیە, 8 ملیۆن تۆنی لە بۆلیڤیایە, بەڵام ئەگەر زۆرە ئەو یەدەکە زیاد بکرێت دەگاتە 60 ملیۆن تەن, لێ ئەویش کاتی دەوێت.

لە شوباتی 2019 کۆمپانیای چینی Xinjiang TBEA و کۆمپانیای Yacimientos de Litio Bolivianosسەر بە دەوڵەتی پۆلیڤی رێك کەوتن بە سەرمایەی 2,3 ملیار دۆلار, کارگای بەرهەم هێنانی پاتری ئۆتۆمۆبێل دابنێن 51%بۆ پۆلیڤیا, 49%بۆ چین بوو, لە بڕی ناردە دەەوەی لیسیۆمەکە, پاتری هەناردە بکرێت, کە پێشتر 82% ی داهات بۆ کۆمپانیاکانی فرە نەتەوەیی رۆژئاوا بوو, 18% بۆ گەلی پۆلیڤی بوو," هەرچەندە تەنها پۆلیڤیا نییە, چین قەرز دەری یەکەمە لە ئەمەریکا لاتین, خەریکە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیش رەتی دەدات, ئاڵو گۆڕی بازرگانی لە 17 ملیار لە ساڵی 2002 ەوە بەرز بۆتەوە بۆ 315 ملیار دۆلار لە ساڵی 2019 ەدا لە کیشوەرەکە, ململانێی ئەمەریکاو چین لە ئەمەریکای لاتین تینی سەندووە, لە گەڵ هاتنە سەرکاری حکومەتە پێشکەوتنخوازە پەمبەییەکان لە گەرمیدا سورتر دادەگەڕێت"پرۆژەیان هەبوو تا ساڵی 2030 , 41 کارگەی پاتری لیسیۆم دروست بکەن لە پۆلیڤیا,ئەمە تەنها خەون و هیوا نەبوو, پێشتر حکومەتە چەپەکەی پۆلیڤیا داهاتی نەوت غاز ی لە ساڵی 2005 کە تەنها 573 ملیۆن ۆلار بوو, گەیاندییە 3 ملیار دۆلار, ئێستا هەر سێ وڵاتی بەرهەم هێنەری لیسیۆم , هاوپەیمانی سێگۆشەی لیسیۆم پێك دەهێنن " پۆلیڤیا, ئەرجەنتین, شیلی", پێش کودەتاکە پۆلیڤیا لە گەڵ چینی و روسییەکان رێکەوتبوون پێکەوە لیسیۆم دەربهێنن و بەرهەمی بهێنن, کودەتاکە کۆتایی پێ هێنا.

مۆرالیسیان بۆ نەویست ؟

تۆباك کاتاری شۆڕشی بۆ سەربەخۆیی لە ئیسپانیاو رزگاربوونی هاووڵاتیانی رەسەن لە ساڵی 1781 بەرپا کرد, ئیسپانیەکان گرتیان, جەستەیان پارچە پارچە کرد بۆ ئەوەی هیچی لەدوا بەجێ نەمێنێت نەوەك یادی بکەنەوە, وەك بن لادن و بەغدادییان چی لێکرد چۆن فڕێ درانە دەریاوە.

خۆسیه تۆرێز  له ساڵی 1970 به كودەتای سەربازی هاته سەر حوكم بەسەر جەنەراڵ ریخیلۆ كه رۆژێك پێشتر ئەویش كودەتای كردبوو, سیاسەتی چەپگەرایانەی پیاده كرد,سپی پێست و سەربازیش بوو, له ساڵی 1971 راستگەراكان كودەتایان بەسەردا كرد, دور خرایەوه , وازیان لێ نەهێنا تا له ئەرجەنتین له ساڵی 1976 تیرۆریان كرد, دەترسان دوای چەند 5 ساڵی دیكه بگەڕێتەوه.

بۆیه مۆرالیس دەبیوایه بڕویشتایه, هاوكات هەڵگری جیناتی تۆباك كاتاری  و خۆسیه تۆرێز بوو, هەم توخمی چەپ بوونی هەڵگرتووه وەك خۆسیه تۆرێز,  هەم روحیانەتی ئازادیخوازی رەسەنایەتی تۆباك كاتاری له خوێنیدایه, بۆیه دەبوایا بڕۆیشتایه, تاوانی ئەوەبوو هاووڵاتی رەسەن و كەسێكی سۆسیالستی ریفۆرمیستی به بنەچه كرێكاربوو, بەرژەوەندی ئۆلیگارشی و ئەمەریكای به باشی نەپاراست, دەرگای تاڵانكردنی لیسیۆم و نەوت و گازی نەكرده سەر پشت, دەیانەویست  لەناوی ببەن, دەربازبوون له كودەتا چییەكان بۆ ئەو سانا نەبوو, شەوی كودەتاكه له پەلەوەگەیەك دەخەوێت به نهێنی, دەیەویست خەباتی چەكداری رابگەیەنێت, گرتنی سەربازگەیەكیشی خستبوه بەرنامەی خۆیەوه,  بەڵام دەكەوته تەڵەكەوه, وەك ئێستا خەونەكەی ناهاته دی, كودەتا چییەكان به كارمەندەكانی فرۆكەخانەیان وتبوو, یەكی 50000 دۆلارتان دەدەینێ دەستگیری بكەن, 1000 كەس له لایەنگرانی له فرۆكەخانەی كۆتشابامبا بەرێیان كرد, دوای ساڵێك  تەنها لەهەمان فرۆكه خانه ملیۆنێك پێشوازی لێكرد.

نەیارەكانی كێ بوون ؟؟؟

چوار كارەكتەری سەرەكی سەركردایەتی ئۆپۆزسیۆنی راستگەرایان دەكرد, كه هاوبەشی له نێوانیاندا هەبوو" سپی پێستی, راستگەرایی, پارێزگاری ئاینی كاسۆلیك و ئینجیلی, سەرمایەداری و توندوتیژبوون", دوای كودەتاكه كه چوونه ناو كۆشكی كۆمارییەوه ئاڵای وێڤالای  هاووڵاتییه رەسەنەكانیان سوتاند و رایان گەیاند ئیتر ئێره نابیننەوه, بەڵام گرەوەكەیان له 18ی ئۆكتۆبەره مەزنەكەی پۆلیڤیا دۆڕاند,  ئەو 4 كارەكتەرەش  بریتی بوون له:

-سەرۆك كۆماری كاتی پێشوو له رێگای كودەتاوه ... جانین ئانیز  له 12ی نۆڤەمبەرەوه Jeanine Áñez; 13 August 1967)" , پارێزەرو رۆژنامەنووس, سپی پێستی رەگەزپەرستی راسیست, رۆژی كودەتاكه كه چووه ناو كۆشكی كۆماریەوه وتی" خوا رێگای دا ئینجیل بگەڕیتەوه كۆشكی كۆماری", پێشتر  له ساڵی 2013 ەدا رایگەیاندبوو خەون دەبینێت به پۆلیڤیایەكی بێ سروتی شەیتانی هیندییه سورەكان" كۆلاس", وه  وتبووی ژیانی شاری  بۆ ئەوان نییه, بەڵكه پێویسته بچن بۆ بەرزاییەكانی تشاكۆ, ئانێز  ئەندامانی بزوتنەوەی  بەرەو سۆسیالزمی به وەحشی ناوبرد, باوەڕی به پاككردنەوەی پۆلیڤیا له سروتی شەیتانی هاووڵاتیانی رەسەن هەیه,  دەیووت دەبێت پایتختیان لێ پاك بكرێتەوه, بیان نێرینەوه بۆ كێوەكان.

ئەو  باوەڕی به باڵایی رەگەزی سپی پێست هەیه, كه تەنها 5%ی هاووڵاتیانی پۆلیڤیا پێك دەهێنن, هەرچەنده 97%ی هاووڵاتیانی پۆلیڤی خۆیان به كریستان دەزانن, لێ كریستانی لای ئەو تەنها بۆ سپی پێستەكانه, ئەو له رێگای پەرلەمانێكەوه بووه سەرۆك كرسییەكانی هەموو بەتاڵ بوون ,

تەنانەت لە جەنەوەری 2020  لە شاری سوکری رایگەیاند نابێت رێگە بەو درندانە بدەین بگەڕێنەوە دەسەڵات, لەکاتێکدا بە بەڵگە مۆرالیس میهرەبانترین فەرمانڕەوای پێنج سەدەی رابردووی وڵات بوو.

2 -کارلۆس میسا کاندیدی دۆڕاوی سەرۆك كۆماری " October 17, 2003 – June 9, 2005 ", وە سەرۆکی دەرکراوی کۆمار "کرێکاران لە دژی خۆپیشاندانیان کرد, لە ئازاری 2005دەستی کێشایەوە, وەلێ پەرلەمان دەستکێشانەوەکەی پەسەند نەکرد, دواتر لە 10ی یۆنی  جارێکی دیکە دەستی کێشایەوە, ئەوجا  دەستکێشانەوەکەی قەبوڵکرا, پاش 32 رۆژ خۆپیشاندانی بەردەوام, ئێستا باسی کۆمەڵگای مەدەنی و نوێنەرایەتیان دەکات, کەچی  80 کەسی لە خۆپیشاندەرانی ئەوی رۆژێی پۆلیڤیا  کوشت ئەوجا کورسی دەسەڵاتی جێ هێشت, رازیش نەبوو پەرلەمانی پۆلیڤیا کۆبونەوە بۆ پەسەندکردنی دەست لە کار کێشانەوەی  مۆرالیس بکات, لەم هەڵبژاردنە خراپتر لە جاری پێشوو دۆڕا.

3 -لویس فیرناندۆ کۆماتشۆ و مارکۆ بۆماری, دوو کەسایەتی  سەرمایەدار, لە بەڕێوەبەرایەتی یەکێتی خاوەند کارانی سانتاکرۆزن, ناوەندی  سپی پێست و  سەرمایەداران و پارێزگارە راستڕەوەکانی وڵات, سپی پێستی بیروباوەڕ رەگەز پەرستی زەبروزەنگاوی شەڕەنگێز, پارێزگاری دژ بە ژنی ئۆلیگارشی راستگەرای توندڕەوی دژ بە هاووڵاتیانی رەسەنی پۆلیڤین, چۆڕاوی کۆنەپەرستیان لێدەتکێت, لە کاتی کودەتاکەی ساڵی رابردوو بە ئینجیلێکی گەورەو و ئاڵای کۆنی پۆلیڤاوە چونە ناو کۆشکی کۆمارییەوە, لەوێ رایانگەیاند باشاماما ئێتر نایاتە ناو کۆشکی کۆمارییەوە, مەبەستی هاوڵاتیانی رەسەنە, ئەمجارەش زۆریان هەوڵدا, وەلێ  کۆماتشۆ لە هەڵبژاردن خۆی تاقیکردەوە, دۆڕانەکان وزەی  یاخی بوونەوەیەکی دیکەی لێ بڕی, هەرچەندە بۆ چرکەیەکیش  لە رەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان وچانی نەداوەو  لە تاوانکردن رانەوەستاوە, پێشی ناچێت بە سانایی تەسلیم ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بێت.

4-هەرچەندە  88,9% هاوڵاتیانی پۆلیڤیا  کریستانن, بەڵام کەنیسەی کاسۆلیك و  ئینجیلیەکانیش لایەنگری دەسەڵاتی لە مێژینەی سپی پێستەکانن لە وڵات کە تەنها 5%ی هاووڵاتیان پێك دەهێنن, کە    لە هەڵبژاردنەکە دۆڕان, بۆ خۆی بردنەوەی  بیروباوەڕی  هاوڵاتیانی رەسەن وپیهالا بوو بەسەر ئینجیلدا, ئەوان هەر 33 نەتەوە رەسەنەکەی وڵات جۆرە کریستانێکیان بۆ خۆیان لە گەڵ بەهاکانی مەسیح گونجاندبوو, رەتی چەوسانەوەو رەگەز پەرستی دەکات, بۆیە ئەو کەنیسانە رەتی ئیمانەکەیان دەکەنەوە .

مۆرالیس  لە وڵات چی کردبوو؟؟

لە مێژووی کۆماری پۆلیڤیا مۆرالیس زۆرترین ماوە لە وڵاتی کودەتا سەربازییەکانی سوپا 35000 کەسیەکەدا حوکمڕانێکی سەقامگیر بووە, لەو ماوەیەدا حوکمڕانی جێگیر بووە و هەمووان هەستیان بە بوونی دەسەڵات و گەڕاندنەوەی کەرامەت کردووە, بە تایبەت زۆرینەی  هاووڵاتینی دانیشتووانی رەسەن, لەو ماوەیە تامی هاووڵاتی بوونیان کرد و بەهرەمەند بوون لە سامانی دەوڵەت و زۆرێکیان زانکۆیان تەواو کرد, کە پێشتر خەون بوو, لەماوەی ئەو 14 ساڵەدا جگە لە گەڕانەوە کەرامەت بۆ هاووڵاتیانی رەسەن و تێکەڵەکان"رەسەن -ئەوروپی", لە روی ئابووری و ئازادییەکانەوە کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگی نا: , گرنگترینیان

1 -جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت.

2 -نەخوێندەواری لە13%ەوە دابەزی بۆ 2,4%, بێکاری لە 9,2% دابەزی بۆ 4,1% , هەژاری لە 60,6% دابەزی بۆ 34,6% , زۆر هەژاری لە 38,2% دابەزی بۆ 15,2.%

3 -بەرهەمی نەتەوەیی وڵاتی لە 9 ملیار دۆلارەوە بەرز کردەوە بۆ 43 ملیار و 687 ملیۆن دۆلار.

4 -پارەی یەدەکی وڵاتی لە ملیارێك و 85 ملیۆن دۆلارەوە بەرز کردەوە بۆ 15 ملیار و 282 ملیۆن دۆلار.

5 -بە خۆماڵیکردنی وزەو سامانی ژێر زەمینی وڵات کە پێشتر بۆ کۆمپانیا بیانیەکان بوو لە پێنج سەدە لەمەوپێشەوە زێڕو زیوی وڵات بۆ ئیسپانیەکان بوو, ئێستاش خاوەند 9 ملیۆن تەن یەدەکی لیسیۆمە, کە روحی پاتری ئۆتۆمۆبێلی کارەباییە, کە جیهان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات., ئەگەری بەرز بوونەوەی بۆ 21 ملیۆن تەن هەیە

6 -دابینکردنی خوێندن و نەخۆشخانە بۆ هاووڵاتیان, پێگەیاندنی چینێکی بەرفراوان لە هاووڵاتیانی رەسەن, جاران جوتیارێکت نابینی دەرچووی زانکۆ, ئێستا نەوەیەکی لێیان گەیندە زانکۆ.

7 -کەمکردنەوەی ئیمتیازاتی سەرۆك کۆمارو جێگیرەکەی و وەزیرەکان, دەرگای کۆشکی کۆماری خرایە سەر پشت بۆ هەمووان.

8 -بەشداریپێکردنی ژنان و هاوڵاتیانی رەسەن لە حوکمڕانی و نەهێشتنی ئاپارتایدی جنسی و رەگەزی.

9 -زیادکردنی لانی کەمی کرێ بە رێژەی 50% و دابەزاندنی تەمەنی خانەنشینی لە 65 ساڵەوە بۆ 58 ساڵ.

ئەمەو دەیان و سەدان چاکسازی دیکەی لە بەرژەوەندی هەژاران و هاووڵاتیانی رەسەنی پۆلیڤی ئەنجامدا, هەموو ئەوانەی بەرژەوەندیان لەگەڵ ئەو دەستکەوتانە بوو, بەرەو روی کودەتاکە بوونەوە.

هەڵەی مۆرالیس

مۆرالیس هەڵەیەکی ستراتیژی گەورەی کرد کاتێك خۆی بۆ چوارەم خولی سەرۆك کۆماری کاندید کردەوە, لە کاتێکدا دەیتوانی جێگیرەکەی ئەلفارۆ غارسیای تێکۆشەرو سەرکردەی پارتیزانی پێشتر" سەرکردەی بزوتنەوەی مارکسیستی تۆباك کاتاری پۆلیڤیا" کاندید بکات, سپی پێستێکی رۆشنبیری ناسراو مێژوو نووسێکی بە بڕشت و ناسراو و چەپگەرایەکی جێگیر بوو, لە دوای کودەتاکەش هەر بە یاوەری مایەوە, یاخود بەهەمان شێوەی ئێستا لویس ئارسا و جێگیرەکەی دیڤید شۆکیۆانکا کاندید بکردبایا, کە سێ خول وەزیری ئابووری بووە لە حکومەتەکەی, سەرۆك و جێگرەکەی هەردوکیان وێڕای بیروباوەڕی سیاسییان لە گەڵی ئیمارای رەسەنن, مۆرالیس پێش هەموو شتێك قوربانی چوارەم خولی کاندید بوونیەتی لە دەرەوەی دەستوورەوە, بە پێگەیەکی لاوازەوە چووە هەڵبژاردنەوە, دابەزینی دەنگەکەشی لە " 53%,

"64%, 61%" ەوە بۆ 47% بۆ خۆی پاشەکشەیەکی 14% یی بوو لە ئەنجامەکانی خولی پێشوو, دەنا ئەوەی دەوترا ساختە کردن دوور بوو لە راستیەوە ,

لۆلا سەرۆکی پێشووی بەرازیل پێی وت: خۆت کاندید بکەیت بۆ چوارەم جار دەیبەیتەوە بەڵام هەڵەیە, مۆخیکا باوکی هەژارانی جیهانیش هەمان ئاگادارکردنەوەی پێیدا ,

کەچی نەیارەکانی رێگایان پێی داو خستیانە بۆسەوە, ئەمینداری گشتی رێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکی لویس ئەلماغرۆ دانی نا کە رۆڵی گێڕاوە دژ بە مۆرالیس لە هەڵبژاردنەکانیساڵی 2019 دا, وە رێگادان بە خۆکاندیدکردنەوەی مۆرالیس لە لایەن ئەلماغرۆوە لەبەر ئەوە بوو باوەڕی وابوو لە هەڵبژاردنەکە دەدۆڕێت, وەك بەشێك لە پیلانگێڕی کە دووساڵ پێش هەڵبژاردنەکە ئامادە کرابوو , ئەوان گرەویان لەسەر دۆڕانی کردبوو, کە بردییەوە بەرەو روی بوونەوە, چونکە ئەنجام پێچەوانەی نەخشەکەیان بوو, هەمووان دەزانن لایەنگرانی ئەو هاووڵاتیانی رەسەنی ناوچە هەژارو دورەکانەو سندوقەکانی دەنگدانی ئەوان درەنگتر دەگەنە ناوەندەکانی جیاکردنەوە, ئەوەی کێشەی لەسەر بوو, زۆر کەمتر بوو لەوەی ئەنجامەکان بگۆڕێت, دەوترا گزی هەڵبژاردن لە 78 ناوچە کراوە بەهۆی دوا کەوتن لە گەیشتنی ئەنجامەکانی لە کۆی 34555 ناوچەی دەنگدان, کە دەکاتە تەنها 0,22%ی کۆی ناوچەکان, ئەمەش ئەنجامی ناگۆڕی, چونکە ئەو 10,49% لەپێش نزیکترین کاندیدەوە بوو " Evo Morales- 47.08 % , Carlos Mesa 36.51% " ئۆپۆزسیۆنی راستگەرا چیان بکردبایە نایان توانی جیاوازیەکە لە 10,49% ەوە دابەزێنن بۆ کەمتر لە 10%, تەنانەت ئەگەر لە کۆی 0,22%ی دەنگە دواکەوتووەکە, دەنگێکیشی بۆ مۆرالیس نەبوایە, کە دەنگی ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئەو بوون, کە بە پێی یاسا ئەو ژمارەیە سەرکەوتنەکەی یەکلا دەکردەوە, بۆیە بە ناچاری نەخشەی کودەتاکەیان داڕشت, پێش هەڵبژاردنیش دەنگۆی کودەتا بڵاو کرایەوە,11 ساڵ پێشتریش هەمان هەوڵدان هەبووە, ساڵی 2008 ویستیان کودەتا بکەن, فیلیپ جولدبێرج باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە وڵات دەرکرا, ئەوکات مۆرالیس ئاستی جەماوەری لەسەروی 60% ەوە بوو, بۆیە ئەستەم بوو سەرکەوتنی, سێجار هەوڵی کودەتا شکست پێ هێنرا لە رابردوو, ئێستاش بە دەستوور نایانتوانی بە سانایی کودەتا بکەن, بۆیە نەخشەی کودەتاکەیان داڕشت لە رێگای سوپاوە, کە 14 ساڵ بو زاتی کودەتای وایان ناکرد, چونکە لە مێژوودا پۆلیڤیا سەرۆکی جەماوەری وای بەخۆوە نەبینیبوو, زیاتر لە 50% ی دەنگەکان بهێنێتەوە, کودەتاکە لە رێگای پەرلەمان و ئەنجومەنێکی پیرانی کورسی بەتاڵەوە بەرگی یاسایی بەبەردا کرا, ئەمجارە سوپا کاری خۆی کرد, هیچ بەرگرییەك نەکرا, دەستکەوتی چواردە ساڵ حوکمڕانی توایەوە , مۆرالیس لە تەنگانەدا کەماسییەکەی بۆ دەرکەوت, وەلێ کارلەکار ترازابوو, نایتوانی ئاوڕ بۆ دواوە بداتەوە, وتی هەڵەمان کرد خەڵکمان چەکدار نەکرد وەك فەنزوێلا, شەپۆلی هاووڵاتیانی رەسەن بێ چەك زەلیل بوون بەدەست کەمایەتیەکی چەکداری فاشیستەوە, سوپا کە نەتوانرا بێلایەن بکرێت, وەك ئامراز بە دەست کەمایەتییەوە مایەوە, هەموو کات وەك پاژنەی ئەخیل خاڵە لاوازەکەیە.

ئەوەی کرا کودەتایەکی سەربازی سیاسی بوو لە بەرگی تازەدا, کە پرۆسەی دەستلەکار کێشانەوەی کودەتایی و تۆقاندن و پەیڕەو کردنی یاسای گاڵتەجاڕیانەی بێ تەواو کردنی لانی کەمی یاسای لە گەڵدا بوو, وەلێ ئامانجە کۆنەکە ئەوەیە چەپ و دانیشتوانی رەسەن بڤەن لە کۆشکی کۆماری, مۆرالیس وجێگیرەکەیان وادار کرد دەست لەکار بکێشنەوە, دواتر رێگا نەدرا سەرۆکی ئەنجومەنی پیران و جێگیرەکەی و سەرۆکی پەرلەمان بچنە کۆبونەوەی ئەنجومەنی پیرانەوە کە مافی بوون بە سەرۆکیان

هەبوو, هەموو سەر بە پارتی بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالستی بوون, بۆیە جێگیری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانیان دیاریکرد بە سەرۆك لە کۆبونەوەیەکی نا شەرعیدا کە زۆر کەمتر لە نیوەی ئەندمانی ئەنجومەنی پیران ئامادە بوون, لە کۆبونەوەیەك کورسییە بەتاڵەکان زۆر زیاتر بوون لەوانەی لە ژورەوە بوون, بە هەنووکەشەوە پەرلەمان دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆك و جێگیرەکەی ئەوکاتی پەسەند نەکردووە, کە پارسەنگ لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پیران بەلای مۆرالیسەوە بوو " 88 لە کۆی 130 پەرلەمانتار, 25 لە کۆی 36 ئەنجومەنی پیرانی هەبوو", هاوکات کاتی خۆی پەرلەمان دەست لەکار کێشانەوەی کارلۆس میسای لە ساڵی 2005 رەتکردۆتەوە, ئەمەش پێشینەیەکی شەرمەزارییە بۆیان,بە تایبەت بۆ میسا, بەدوای ئەو سیناریۆ کرچ و کاڵەدا حکومەتێکی سەربازی فاشیستانەیان راگەیاند, لە مۆرەکانی راستگەرا سپی پێستە ئۆلیگارشیەکان, لە گەڵیشیدا سوپایان سەربەستکرد لە سەرکوتکردنی نارەزایەتیەکان, ژمارەی قوربانیان و برینداران و زیندانیان لە 9 رۆژی دوای کودەتاکە دەیان جاری 20 رۆژ خۆپیشاندانی ئۆپۆزسیۆنە لە سەردەمی مۆرالیس کە ئەوکاتیش زۆرینەی نارازییە راستگەرا فاشیستەکان ئەنجامیان دا.

شیری چۆلەکە گەیشت

لە کۆتاییدا شیری چۆلەکەکە وەك خۆشترین موژدە لە ئەمەریکای لاتینەوە دەرکەوت, ئیرادەی جەماوەر بەسەر هێزی دۆلار سەرکەوت, کودەتای پۆلیڤیا لە رێگای سندوقی دەنگدانەوە وەك پولی دۆمینۆ هەرەسی هێنا, 18ی ئۆکتۆبەر بە ئەندازەی 11ی ئەپرێلی 2002 فەنزوێلا گرنگ بوو بۆ کیشوەری ئەمەریکای لاتین, کودەتای سەربازی بە کودەتای گەلی و ئیرادەی گەل وەڵام درایەوە, چونکە ئەوان وەك ئەمەریکای لاتین زیاتر لەسەر یەك ئاواز شایی دەکەن, کە ئاوازی جیڤارایە, پۆمبیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو جانین ئانییز سەرۆکی کودەتاکەری کاتی پۆلیڤیا ئاڵای سپی شکستیان بەرز کردەوە لە بەرامبەر ئەو سەرکەوتنەی گەلی پۆلیڤیا.

کودەتاکەی نۆڤەمبەری 2019ی پۆلیڤیا نەك کۆتایی بە بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالزم وەك شیلی و زۆربەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین لە قۆناغە جیاجیاکان حەوت دەیەی رابردوو نەهێنا, بەڵکە بووە داینەمۆی هاتنەوە مەیدان و بەهێزتر لە جاران, بە سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان قوناغی دووەمی حکومەتی پەمبەیی دژ بە لیبرالیزمی نوێ لە ئەمەریکای لاتین دەست پێدەکاتەوە, وەك واشنتۆن پۆست هوشیارکردنەوەی شەپۆلی پەمبەیی دایەوە و نووسی سۆسیالستەکان پۆلیڤیا شەپۆلی پەمبەیی لە ئەمەریکای لاتین زیندوو دەکەنەوە.

پۆلیڤیا لەچاو مەکسیك و ئەرجەنتین قورسایی نییە, بەتایبەت لە روی ئابوورییەوە, کە بەرازیل یەکەمی کیشوەرەکەو مەکسیکیش دووەمیانە" پۆلیڤیا بەرهەمی نەتەوەیی ساڵانەی 45045 ملیۆن دۆلار, مەکسیك 1,74 ترلیۆن دۆلار , واتا 38 جارێتی, ئەرجەنتین 449 ملیار دۆلار واتا 10 جارێتی, بەڵام سەرکەوتنەکە لە سەرکەوتنی چەپ لەو دوو وڵاتە گرنگترە کە پێشتر بەدەستیان هێنابوو, بەهۆی تێکشکانی

عەقڵی کودەتاچی ئۆلیگارشی لوتبەرزی سپی پێستەوە, لە هەڵبژاردنەکەی 18ی ئۆکتۆبەر لویس ئارس کاندیدی مۆرالیس 8,02%ی لە مۆرالیسی 20ی ئۆکتۆبەری 2019 زیاتر دەنگی هێنایەوە, دەنگی دۆڵفینەکە زیاتر بوو لە خاوەنەکەی وەك راستگەراکان بە دۆڵفینی مۆرالیسی ناو دەبەن," لویس ئارسی 1963-9-28 کاندیدی سۆسیالستەکان 55,10%ی دەنگەکان , کارلۆس میسا 12-8-, 1953 , 28,83% , لویس فرناندۆ کۆماتشۆ 15-2-1979, 14%ی دەنگەکان", لە هەڵبژاردنەکە 88,42%ی دەنگدەران بەشدارییان کرد.

هاوکات 75 کورسی پەرلەمان لە کۆی 130کورسی و 21 کورسی ئەنجومەنی پیران لە کۆی 36 کورسی ئەنجومەنەکەیان بەدەست هێنا, هەرچەندە بڕیاری یەکلاکەرەو 24 کورسی دەیدا بۆ گۆڕانکاری دەستوری, بەمەش وەك مۆخیکا باوکە خۆشەویستەکەی چەپی جیهان وتەنی کودەتای لیسیۆم کۆتایی پێ هات, هەرچەندە لە کۆی 10 هەرێم بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالزم 4 لەو هەرێمانەی پێ کۆنترۆڵ نەکراوە, بەڵام تیاندا یان هێزی کاریگەرە یانیش یەکەمە بێ زۆرینەیە, بەتایبەت شاری بۆرژوا سپی پێست نشینی ئۆلیگارشیەکان سانتا کرۆز, کە سەرچاوە نا ئارامیەکانی سەردەمی کودەتا و دوای هەڵبژاردنەکەو ئایندەشە, لە سانتا کروز بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالزم 36,21%ی دەنگەکانی هەیە, فرناندۆ کۆماتشۆ راستی فاشیست جگە لە سانتاکروز کە تیایدا 45,07% ی دەنگەکانی هەرێمەکەی هێناوەتەوە " دوای لاباز دووەم گەورەترین هەرێمە لە روی ژمارەی دانیشتوانەوە 3,420,084, وە گەورەترین لە روی روپێوەوە 33,74%ی خاکی وڵاتە , 25 کورسی پەرلەمانی هەیە", لە شوێنەکان دیکەی وڵات پەراوێزە, ئەو تەنها سەرکردەی هەرێمێکە بە ناتەواوی, لە هەرێمی بنی لە باکور کۆماتشۆ 23,70%ی دەنگەکانی هەیە و میسا 39,17%ی دەنگەکانی ئەو هەرێمەی هەیەو یەکەمە تیایدا, لە باندۆ دووەم و سێیەمن بە هەردو لایان 52,11%ی دەنگەکانیان هەیە,لە هەرێمی تاریکا لە باشور کە بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالزم 41,62%ی دەنگەکانی هەیە, لێ ئەوان بە هەردو لایانەوە زۆرینەن .

سەرکەوتنی چەپ لە پۆلیڤیا هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنی راپرسیەکەی گەلی شیلی, لە راپرسیەکەی 25ی ئۆکتوبەری 2020دا گەلی شیلی, رێك هەفتەیەك دوای هەڵبژاردنەکەی پۆلیڤیا بەرێوە چوو, بە 78,99%ی دەنگەکان بڕیاری گۆڕینی دەستورەکەی بینۆتشەیان دا , کە دەستورە نوێیەکە لە لایەن لیژنەیەکی هەڵبژێردراوەوە بنووسرێتەوە, راسترەوەکان بە نا دەنگیان دا لە راپرسیەکە, راست لە شیلی دۆڕانێکی قورستر لە پۆلیڤیا دۆڕا, لە کۆی 345 شارەوانی 340ی دەنگیان بە گۆڕینی دەستورەکەی پینۆشە دا, ئەو شارەوانییانەی دەنگیان بە گۆڕینی دەستور نەدا, سێیان گەڕەکی دەوڵەمەند نشینی پایتەخت بوون بە ناوەکانی فیتاکۆرا, ولوس کۆندیس زلو بارنیشا.

لە هەڵبژاردنی وڵاتی گویانای ئەمەریکای لاتینیش, پارتی گەلی پێشکەوتنخوازی چەپ – مارکسی لە هەڵبژاردنی 2ی ئازاری 2020دا بە هێنانی 33 کورسی لە کۆی 65 کورسی پەرلەمان گەیشتنەوە بە دەسەڵات, بۆیەکەمجار لە وڵات کەسایەتیەکی بە رەچەڵەك موسڵمان بەڵام ئایدیا چەپی سۆسیالستی و عەلمانی بەناوی عیرفان عەلی بووە سەرۆك کۆماری وڵات .

لە ئۆرۆگوایش دوای ئەوەی لە دیسەمبەری 2019 چەپەکان لە هەڵبژاردندا دۆڕان, پاش 15 ساڵ لە حوکمڕانی, کەچی لە سەپتەمبەری 2020 پایتەختیان بە 52% بردەوە, کە لە کۆی 3,4 ملیۆن دانیشتووانی وڵات 1,3 ملیۆن هاووڵاتی لە خۆ دەگرێت, ئەندازیاری کارەبا و سەرکردە لە حیزبی شیوعی خاتوو کارۆلینا کۆس براوەکەی ئەمجارە بوو, بووە پاریزگاری مەزنی پایتەخت.

لە ئیکوادۆریش کە نەیانهێشت سەرۆکی چەپگەرای پێشوو رەفائیل کۆریا بەشداری هەڵبژاردن بکات بۆ پۆستی جێگیری سەرۆك, بەڵام پێشبینی دەکرێت هاوپەیمانی یەکێتی لە پێناو هیوا لە هەڵبژاردنی 7-2-2021 دا دەنگی یەکەم بهێنێتەوە, چەپ لەو تەنگژەیەی بەدوای کودەتا هەڵگەڕانەوەکەی مۆرینۆ لە چەپ, یان دروستتر خیانەتەکەی لینین مۆرینۆ, وەك هێزی یەکەمی وڵات خۆی رێکبخاتەوە, راپرسیەکان دەریدەخەن لە ئیکوادۆر هەڵبژاردن بکرێت کوریسمۆی چەپ دەیباتەوە.

لە فەنزوێلاش لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا کە لە 6ی دیسەمبەر ئەنجامدرا,پارتی سۆسیالستی دەسەڵاتدار بە هێنانی 69,32% ی دەنگەکان بردییەوە , وێڕای دەنگی چەپ و شیوعیەکان 2,73% و هاووڵاتییە رەسەنەکان, هەرچەندە لە دەنگدانەکە تەنها 30,5%ی هاووڵاتیان , 9% کەمتر لە هەڵبژاردنی پێشوو بەشداری دەنگدان کرا.

هەموو ئەمانە بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی مەکسیك و ئەرجەنتین و ناوخۆییەکانی بەرازیلەوە, تەنانەت بە هەڵکشانی بیری سۆسیالستی لەناو گەنجانی ئەمەریکا, وە بە قەیرانە ئابوورییەکانی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینەوە کە پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ بەرهەمی نەتەوەیی بە رێژی 10% دابەزێت, وە 15 ملیۆن هاووڵاتی کیشوەرەکە پەیوەست بنەوە بە سوپای هەژارانەوە, بۆمان دەردەکەوێت, کە ئاراستەی دەنگدان لە کیشوەرەکە گۆڕاوە, وتەیەکی ئەفریقی هەیە دەڵێت کە مۆسیقا دەگۆڕێت , سەماش لە گەڵیدا دەگۆڕێت ,

هەموو سەرکردە چەپەکانی ئەمەریکای لاتین ئاهەنگیان گێرا بۆ سەرکەوتنی پۆلیڤیا, لە لوڵاوە بۆ مۆخیکا, وڵاتانی فەنزوێلاو ئەرجەنتین و مەکسیك و نیکاراگوا هەموو بادەی خۆشییان هەڵدایەوە .

راستگەراکان دۆش دامان

سانتاکروز " سانتا کرۆز گەورەترین شاری پڕ دانیشتووانی پۆلیڤیایە, 35%ی بەرهەمی نەتەوەیی وڵات بەرهەم دێنێت, 40%ی وەبەرهێنانی بێگانەش لە خۆ دەگرێت,لە گەڵ 80%ی بەرهەمی کشتوکاڵی وڵات."شوێنی دەوڵەمەندەکان پۆلیڤیاو دڵی ئابووری وڵاتە, زۆرینەی پێك دێت لە کەمایەتی سپی پێستی باڵا دەست بەسەر ئابووری و سیاسەت لە وڵات و دو رەگەکان, ناوچەکانی دی وڵات لە چاوییەوە زۆرینەی هاووڵاتیانی رەسەنی هەژارن, سانتا کرۆز لەو رۆژەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن ئاشکرا کراوە, لە یاخی بونەوەدایە بە پشتیوانی کەمایەتی فاشیستەکان, چرکە ساتێکیش نوچانی نەداوە.

هەرچەندە دادگای باڵای هەڵبژاردن لە نەیارانی بزوتنەوەی لە پێناو سۆسیالزمن, لێ نەیانتوانی وەك سەرۆك کۆماری پێشوو دان نەنێن بە سەرکەوتنەکە, کە بواری مانۆڕی بۆیان تێدا نەماوە, بردنەوەکە بە رادەیەکی گورچك برە مانۆڕی بۆ راستگەراکان و سوپاو واشنتۆن و برۆکسل نەهێشتۆتەوە, تەنانە گومان و پرسیاریشی هەموو پێیان قوت دایەوە.

جانین ئانییز کە دانی نا بە دۆڕان, راستگەراکان پەلاماری توندیان دا,هەرچەندە ئەو و چەند کاندێکی دیکەی راست , پێش دەنگدانەکە پاشەکشەیان کرد لە کاندید بوون لە پێناو یەکێتی راست تا رێگا لە بەردەم بردنەوەی چەپ بگرن, ئەوان پێشبینی چوونە خولی دووەمیان دەکرد, وەلێ بردنەوەکە بواری راچەڵکینیشی لێ بڕین, راستی فاشیستی پەڕگیر بەسەرکردایەتی کاندیدی دۆڕاو لویس فرناندۆ کاماتشۆ کە تەنها هێزی یەکەمی هەرێمی سانتا کرۆزە دۆڕانێکی قورس دۆڕاو دان بە شکستی هەڵبژاردن نانێن,

پێی ناچێت بچنە ژێر باری ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە, هەرچەندە تەنها 14%ی دەنگەکانی هێنایەوە, کەچی دان نانێت بە دۆڕانەکەی, مانگرتنی 48 کاتژمێری راگەیاند, نارەزایەتی لە سانتا کرۆز, کۆتشابامبا, ئۆرۆ و سوکری بەڕێوە برد, هاوکات ئۆپۆزسیۆنی سەردانی تیپی هەشتی سانتاکرۆزیان کرد , داوای کودەتایان کرد, بۆ ئەوەی دەسەڵات نەکەوێتە دەست شیوعیەکان, لە هەندێك شاری رۆژهەڵاتی وڵات خۆپیشاندان دەستی پێکرد و داواکرا دەسەڵات تەسلیم نەکرێت, ئەنجامی هەڵبژاردن رەتبکرێتەوە, ئەمەش باوەڕ بوونە بە دیموکراسیەت؟؟.

هاوکات پارتە ئۆپۆزسیۆنە راستگەراکان پەلاماری ئۆرلاندۆ جۆتیرۆسی سەرۆکی سانديكای کرێکارانی کانەکانیان لە 22-10 داو تیرۆریان کرد.

ئێستا فرناندۆ کاماتشۆ کاندیدی فەرمانڕەوای هەرێمی سانتاکرۆزە لە لایەن پارتی راستگەرای فاشیستی کریمۆسەوە, کە داوای پۆلیڤیایەکی فیدرالی دەکات, وەك هەنگاوێك بۆ جیاکردنەوەی هەرێمەکە, چونکە ئومێدێکیان بە کایەی هەڵبژاردن نەماوە, شەڕەکە بۆتە شەڕی ناسنامەکان.

بەرەو دۆڕانە مەزنەکە

کاتێك مۆرالیس خۆی بۆ خولی چوارەم کاندیدکردەوە, سەرۆکی پێشووی بەرازیل لۆلا ئاگاداری کردەوە کە هەڵە دەکات, هەرچەندە بردیەوە, بەڵام پێگەی جەماوەری دابەزیبوو, بە ئێستاشەوە نەیارانی نەیانتوانی بەڵگەی گزیکردن لە هەڵبژاردنی پێشوو بخەنە روو, ئەمینداری گشتی رێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکا لویس ئەلماغرۆ بە بەهانەی ساختەکردن لە هەڵبژاردن داوای کرد مۆرالیس دەستلەکار بکێشێتەوە, دواتر پەشیمان بوەوە, بەڵام کارلەکار ترازا بوو, دەرکەوت هیچ بەڵگەیەك بۆ ساختەکاری نەبووە, هەڵبژاردنەکە پاکژ بووە.

لە بری ئەوەی گزیەکان دەستنیشان بکەن, لە جیاتی ئەوەی سندوقەکانی دەنگدان بپارێزن بۆ هەژمارکردنەوە, کەچی لە سانتا کروز بیرۆی هەڵبژاردن سوتێنرا لە لایەن ئۆپزسیۆنەوە, لە شاری فینتۆ سەرۆکی شارەوانی پرچیان بری و بۆیەی سوریان کرد وەك ئەتك کردنێك, شەڕێکی سەرانسەریان بە گوتاری فاشیستانە دژ بە زۆرینەی هاووڵاتیانی رەسەن راگەیاند, ویستیان مێژووی زەلیلییەکان بگەڕێننەوە, ئەو چەند رۆژە بووە هێز بۆ توندکردنی شەڕی سەرانسەری لە نێوان کەمایەتی و زۆرینەدا, ئەستەم بوو کۆمەڵگا بگەڕێنرێتەوە پێش مۆرالیس, لەو ماوەیەدا نەوەیەك پەروەردە کرابوو .

فەرماندەی سوپای پۆلیڤی ویلیام کالیمان رامرۆ پاڵەپەستۆی خستە سەر مۆرالیس لە 10ی نۆڤەمبەر دەست بکێشێتەوە, بزووتنەوەی ئیجیلی پۆلیڤیا کە گرێدراوی ئینجیلی ئەمەریکاو بەرازیلە پشتیوانی کودەتا بوون, لویس کاماجۆ ملیاردێر و فاشیست لە سانتاکرۆز, بە پشتیوانی وڵاتانی ئەمەریکا, بەرازیل و کۆڵۆمبیا و ئۆپۆزسیۆنی فەنزوێلی و کەنیسەی ئینجیلی و کاسۆلیکی ئاڵای کودەتاکەی بەرز کردەوە, شەڕ دژ بە تەواوی هاووڵاتیانی رەسەن راگەیەنرا.

لە پرۆسەی کودەتاکە باش داکۆکی نەکرا لە مۆرالیس , خۆیان بۆ شەڕێکی وا ئامادە نەکردبوو, سانديكای ناوەندی کرێکارانیش لەگەڵ رۆیشتنیدا بوون, بەڵام دواتر بەرەو روی کودەتا چیەکانیش بونەوە, راستڕەوەکان داشیان لەو چرکە ساتە وا سوار بوو, ئامادەی گفتوگۆ کردن نەبوون لەگەڵ مۆرالیس,

تەنانەت بە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنیش رازی نەبوون, راستە بزووتنەوەی بەرەو سۆسالزم پارتێکی سیاسییە, وەلێ یەکێتی فکرییان نییە, بەشێك لەوانە پشتیوانی مۆرالیسن بەڵام باوەڕیان بە سۆسیالزم نییە ؟, بەشێکیشیان باوەڕیان بە سۆسیالزمەو نەیاری مۆرالیسن, لەو رۆژەدا پارت لە تەنگژەدا بوو, بەتایبەت مۆرالیس نووسابوو بە کورسییەوەو پاشەکشەی بۆ جوتیارانی دەوڵەمەندی سانتا کرۆز بە تایبەت ئاژەڵدارە گەورەکان زۆرکردبوو.

کودەتا چیەکان پەلەیان کرد لە بەتایبەتی کردنی کەرتی گشتی, هەرچیەکیان بەردەست کەوت قسوریان نەکرد, گەندەڵی و تاڵان و کۆمەڵکوژی, بە گشتی ئامارەکانی ئابووری وڵات لە ماوەی ساڵێك حوکمڕانیان سەرتاپا سورن, بەرهەمی نەتەوەیی پێشبینی دەکرێت 11,1% بۆ ئەمساڵ بپوکێتەوە, کەمهێنانی دارایی بودجە 12,1% یە, قەرزەکان 4,2 ملیار دۆلارن زیاترن, وڵات موفلس و قەرزار, 3000 ملیۆن پۆلیفی پارەی هەیە , 1500 ملیۆن ئیلتزامی قەرز دانەوە بۆ کۆتایی ساڵ, زیادبوونی رێژەی بێکاری لە 4,1% ەوە بۆ 11,8% بەرز بۆتەوە, دوای هاتنە سەرکاری سۆسیالستەکان بە مانگێك توانیان بێکاری بۆ 10% کەمبیکەنەوە , راوەستانی پڕۆژە ئابوورییەکان.... لە هەمووشی زیاتر شکستیان بوو بەرامبەر نەخۆشی کۆرۆنا, بەهۆی دارمانی کەرتی تەندروستییەوە, پۆلیڤیا لەو رۆژڤە لە ژمارە 41 ی لیستی نەخۆشکەوتووان ریزی گرت, 143181 کەسی تێپەڕاند, مردووەکانیش گەیشتە 8841کەس .

کودەتاچیەکان نەیانتوانی ژیانی خەڵك باشتر بکەن بگرە زۆرخراپتر بوو, هەژاری چووە سەر, هێرش بۆسەر کەرامەتی زۆرینەی رەسەن گەیشتە لوتکەی نا مرۆڤانە, نەیانتوانی بەرەو روی کۆرۆنا ببنەوە, شوێنەواری تەندروستی و ئابووری خراپی لێکەوتەوە, بۆیە شکستەکەی پۆلیڤیا دەبێتە نموونە بۆ وڵاتانی دی .

تەنانەت سانديكای کوب ناوەندی کرێکارانیش پێشتر داوای دەست لەکار کێشانەوەی مۆرالیسیان دەکرد, بەڵام نایانەویست بگەڕێنەوە قۆناغی حوکمڕانی نیولیبرالیەت, دوای روخانی مرۆالیس بونە داینەمۆی نارەزایەتیەکان بەرامبەر بە دەسەڵاتی راستگەرا کودەتاچیەکان, هەرچەندە جیاوازیەکان تەنها ئایدۆلۆجی نەبوو لە نێوان خەڵك و کودەتاچیەکان, بەڵکە کۆمەڵایەتی , ناسنامە, چینایەتی , شارو دێ , سپی و رەسەن , هەژارو دەوڵەمەند و .... بوون, درزەکە لە نێوان زۆرینەو کەمایەتی کودەتاکەر نەك بە 11 مانگ فەرمانڕەوایی, بە 5 سەدەی رابردوو پڕ نەکرابوەوە, راستە هەڵبژاردن دەنگدان بوو بە نموونەی ئابووری سەردەمی مۆرالیس و رەتکردنەوەی بەتایبەتیکردن و نیولیبرالیەت, بەڵام هاوکات شەڕی کولتورەکانیش بوو, گەڕاندنەوەی کەرامەتە بۆ زۆرینە, جێگیری سەرۆك کۆمار وتی 90%ی هاووڵاتیانی رەسەنمان لە گەڵە, کەواتە هەموو دەنگەکانیان دەنگی ئەوانە, بۆیە پێویستە لەم فازەی دەسەڵاتدارێتی زیاتر لایەنگری هەژاران بن, راستە مۆرالیس بەشداری هەڵبژاردنەکەی نەکرد, وەلێ خەڵك دەنگیان بە نموونەی فەرمانڕەوایی 14 ساڵەی ئەو و دژایەتیکردنی بە تایبەتیکردن دا, دەنگدنەکە لە نێوان دوو کلتور, دوو مۆدێلی ئابووری بوو, لە هەردوکی مۆرالیس هەڵبژاردەی براوە بوو تیایدا.

کودەتا چییە نیولیبراڵەکان لە 3 ئایار و 28 ی یۆنی و 27ی سەپتەمبەر هەڵبژاردنیان دوا خست, دەترسان لە هەڵبژاردن, دەیانزانی چیان تۆو کردووە بۆ دۆرینەوە, بەهۆی فشارەوە لە 13-8 پاش سەپاندنی ئابلووقە لە لایەن سانديكای کرێکارانەوە بەسەر لابازی پایتەخت, رازی بوون بە هەڵبژاردن لە 18ی ئۆکتۆبەر ئەنجام بدرێت , نارەزایەتی دژ بە دواخستنی هەڵبژاردن بووە هۆی نەچوونی ئۆکسجین

بۆ نەخۆشەکان زیاتر لە 40 کەس بەهۆیەوە گیانیان لە دەستدا, ئێستا ئەویش کەیسێکە دژ بە مۆرالیس لە لایەن سەرۆکی کودەتاچیی پێشوەوە لە دادگا تۆمار کراوە.

کە تەسلیم هەڵبژاردن بوون, وە ژمارەیەك زۆر لە کاندیدەکان بە ئانیزی سەرۆکیشەوە پاشە کشەیان کرد لە کاندید بوون, بۆ ئەوەی بە کاندێکی راستگەراوە بچنە بەرامبەر کاندیدی بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالزم, ئەوان و رۆژنامەو دەزگا راپرسیەکانیش پێشبینیان وابوو, لە خولی دووەم چەپ بدۆڕێت و درێژە بە دەسەڵات بدەن, لێ پێشبینیەکەیان نەهاتە دی, دۆڕانێك بە تامی سەرکەوتنی شۆڕش دۆڕان.

ئێستا چی ؟؟

گۆڤاری ئیکۆنۆمیست, پۆلیڤیای لە پاڵ مالی و نیوزلەندا, تایوان, ئەمەریکا هەڵبژارد, کە لە پێوەری دیموکراسی و مافی مرۆڤ بەرەو باشتر چوونە, شکستی کودەتا لە رێگای شکستی کەمەر شکێنی هەڵبژاردن و جەمسەر بەندی کۆمەڵگا لە روی کۆمەڵایەتی و مۆدێلی بەڕێوەبردنی ئابووری, رێگای مانۆڕی لەبەردەم بەرەی هێزو پارەو کودەتا بڕی.

مۆرالیس کە بە هەڵاتن وڵاتی جێ هێشتبوو, وەك پاڵەوان بە پێشوازی ملیۆنی لە شارەکان پێشوازی لێکرا.

پێش تەسلیمکردنی دەسەڵات, حکومەتی راست داوای 350 ڤیزای بۆ حکومەتی کودەتا کرد بۆ هەڵاتن, دوایی گەیشتە 445, بەشێکی زۆر بەشدارانی کودەتا وڵاتیان جێهێشت, حکومەت بڕیاری گۆڕینی فەرماندەی سوپای دەرکرد, بە دوایدا بڕیاری گرتن بۆ کۆلۆنێل ئیڤان رۆخاس کە ماڵی مۆرالیسی سوتاندبوو دەرچوو, ئەنیز ویستی رابکات خەڵك نەیان هێشت, کە بڕیاری ژمارە 4078 ی لە 14 نۆڤەمبەر واژۆ کردبوو, تیایدا هێزە چەکدارەکانی لە بەرپرسیارێتی تاوان لە سەرکوتکردنی خەڵکدا بێبەریکردبوو, کودەتا چییەکان زۆریان هەڵاتن بۆ بەرازیل و ئەمەریکا, لێپرسینەوە دەکرێت لە کودەتا, بەرپرسی پایگای کۆتشاباما ئەلفریدۆ کۆیلار دەستگیر کرا, بە تاوانی کوشتنی 12 کەس و برینداركردنی 125 کەسی دی, ژەنەرال ئەلفریدۆ کۆیلار خرایە ژێر چاودێری توندەوە, کەیس لەسەر تاوانەکان دوای کودەتاکە کرایەوە, کە کۆی گشتی 37 کەس کوژران, کە 27یان راستەوخۆ بە گولە کوژرابوون, و 522 کەسیش بریندار کران, کۆمەڵکوژی سینکاتا لە 19ی 11ی 2019 , لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت .

داواکاری گشتی پۆلیڤی لێکۆڵینەوە لەسەر کاندیدی سەرۆك کۆماری فرناندۆ کاماتشۆو 5 کەسی تر کردەوە, لە ناویاندا باوکی و فەرماندەی سەربازی هەن , تۆمەتبارن بە ئەنجامدنی تاوان لە کاتی کودەتا سەربازیەکە.

سەرۆکی پۆلیڤیا دەڵێت: ئەو سەربازانەی گلاونەتەوە هەردوو کۆمەڵکوژی سینکاتا لە شاری ئال ئاتۆ و ساکابا ناتوانن لە بەرپرسیارێتی هەڵبێن.

بەڵام حکومەت لێکۆڵینەوە لە کودەتاکە و لێکەوتەکانی سپارد بە لێژنەی مافی مرۆڤی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین, بۆ ئەوەی دادوەری لە دەست نەدات.

مۆراليس چی دەکات؟؟

مۆراليس لە کۆبونەوەی پارتەکەی دیاریکرایەوە بە سەرۆکی بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالزم و سەرپەرشتیکاری هەڵمەتی هەڵبژاردنی ناوخۆیی پۆلیڤیا لە 7ی ئازاری داهاتوو, بۆ هەڵبژاردنی هەرێمەکان بەڕێوە دەچێت لە ئێستاوە هەڵمەتی هەڵبژاردن گەرمەو ململانێکان سەختن, بۆ ئەوەی بردنەوەکان بپارێزرێت, بزووتنەوەی بەرەو سۆسیالزم پێویستی بە سەرکەوتن هەیە, بە تایبەتیش شەڕە سەختەکە دەکەوێتە شاری سانتا کرۆزەوە, ڕاستگەراکان لەسەر ئاستی وڵات 38 هاوپەیمانیان دروستکردووە بۆ هەڵبژاردنی 7ی ئازاری شارەوانیەکان, لێ لە سانتا کرۆز نەیانتوانیووە بە هاوپەیمانی بچنە هەڵبژاردنەوە, لە حوکمڕانی سەرتاسەریش بێ ئومێد بوونە, بۆیە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا هەوڵی جیاکردنەوەو پارچەپارچە کردنی وڵات بدەن.

هەنگاوەکانی حکومەت بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی هەژاران

حکومەت لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونی, بڕیاری بە پەلەی دا بۆ هاوکاریکردنی برسیەکان, جگە لە لێپرسینەوە لە کودەتا, هەنگاوی دووەمیش سەپاندنی باجی سامانە بەسەر ئەوانەی داهاتیان لە 30 ملیۆن پۆلیڤار " 6,89 پۆلیڤار دۆلاریکە"ساڵانە زیاترە, کە 150 کەس دەگرێتەوە, بەمەش دەیەوێت ساڵانە 110 ملیۆن پۆلیڤار بگەڕێتەوە بۆ حکومەت.

هەر لەو مانگەدا توانی ڕێژەی بێکاری لە 11,8% ەوە دابەزێنێت بۆ 10%, وە بەهۆی تایبەتیکردنەوە ئەو کارگاو کارخانە دەوڵەتیانەی لە کار ڕاوەستێنرابون کاریان پێ بکاتەوە, پێش کودەتای لیسیۆمیش لەگەڵ چین و ڕوسیا ڕێك کەوتبوون کە پێکەوە کار بکەن بۆ دەرهێنانی کانی لیسیۆم و دامەزراندنی کارگای پاتری ئۆتۆمۆبێل لە ناوچەکانی کانەکانی لیسیۆم دروست بکەن, حکومەت چاوی بڕیوەتەوە ئەو ڕێکەوتنانە, هاوکات لە پەیوەندە نێو دەوڵەتییەکان گەڕایەوە بۆ پێش کودەتاکە.

شەڕی کۆرۆنا تەواو نەبووە, شوێنەواری قەیرانی ئابووری توندە, بەڵام هاوکات کەرامەت بۆ زۆرینە گەڕاوەتەوە, لە پاڵ کەرامەت پێویستیان بە سکی تێریش هەیە, شیری چۆلەکە ئەگەر گۆشتی چۆلەکەی لە گەڵدا نەبێت خەونە, بۆیە چارەسەر ئاهەنگی سەرکەوتن کۆتایی دێت, خەڵك چاوەڕوانی کار و نان و ئازادییە.